# سیناریۆکانی چارەسەریی ئەمریکی لە عێراق

**خالید هەرکی**
khalidherki@chello.nl



کورتە توێژینەوەیەکی بسپۆریی ستراتیژی ئەمریکی ( ئەنتوان کوردزمان) ەلە سەر رووداوەکانی عیراق و ریگەچارەسەریە راستەکانی ئەمریکی.

بسپۆری ستراتیژیی ئەمریکی ( ئەنتوان کوردزمان ) لەسەنتەری توێژینەوەی دەولی وستراتیژی واشنتۆن، توێژینەوەیەکی لە سەر باری عیراق کردوە . ئەم توێژینەوەیە زۆری روو و بابەت سەبارەت بە مەترسیەکانی شەری ناوخۆو رێگە چارەسەریە دروستەکانی ئەمریکی بۆ کێشەو گرفتەکانی عێراق بە خۆوە گرتوە، کە بە کورتیەکەی بریتیە لە بەشداری پێکردنی عێراقیەکان لە چارەسەری نەهامەتیەکانی وولاتەکەیان بە خۆشی خۆیانەوە نەک بە بەسەرداسەپاندن لەلایەن واشینتۆنەوە .

توێژینەوەکە ناونیشانی ( ستراتیژیە نوێ وخەراپ وناشیرنەکانی بۆعێراق) هەلگرتوە، لە عیراق شەرێکی ناوخۆی نوێ هەلگیرساوە هاندەرەکەی زیادبونی توندوتیژی تایەفە گەرێتی و نەژادپەرستیی لەنێوان عەرەبی سوننە وعەرەبی شیعە لەلایەک ، لە نێوان کورد وعەرەب لەلایەکی ترەوە یە.

بۆ ئەوەی ئەم شەرە ناوخۆیی یە توندتر نەبێ حکومەتیش راستیەکانی خۆی لەدەست نەدا و لەدوایین بار عیراق بەرەو دابەشبون نەچێ، حکومەتی عێراق هیچ جولەیەکی ئەوتۆی نیە روەو واز لەماف هێنان(تەنازولات) وئاشت بونەوەی سیاسی بەخێرایی یەکی پێویست نیە .

بەبێ ئەم تەنازولات و ئاشتبونەوە سیاسیانەش هەولەکانی بە ئاسودە وئاسایش بەرقەرار بونی هەنوکەیی بێ سودن ، ئەوان کات دەکرن بەلام لەراگرتنی بەرەو ژورچونی توندوتیژیەکانی ناوەخۆ سەرکەوتو نین .

ئەمەو ئەمریکیەکانیش ناتوانن وا بە ئاسانی چاوەروان بن تا ببینن کە ئایا ئەم ستراتیژیەتە سەرکەوتوە یان نا ن؟ هەرسەرکەوتوش نیە ولەژێر کۆنترۆلیش دەردەچێ .

بۆیە دەبێ ئەمریکا یا ئەوەتا ستراتیژیەتەکەی خۆی مکومتر ودەولەمەندتر بکات یا بیگۆرێ.

بۆیە پێویستی بە پیلان وبەرنامەی تر و هەلبژاردنی پیلانی تر هەیە، بۆ توانستیی لە کشاندنەوەی هێزەکانی خۆی وتەنانەت کشاندنەوەی کەسی سڤیلی ئەمریکیش لەسەر خاکی عێراقە .

ئە مە وهیچ پیلان وهەلبژاردەیەکی تری تێکەلاو بۆ ئەمریکا بروای ئەوە وەدەست ناهێنی کە سەرکەوتن لە عێراق مسۆگەر بکات، لەگەل ئەمەشدا ئەمریکا ناتوانێ زۆر لە عێراقیەکان بکات بۆ بەسەردا سەپاندنی هیچ شتێک ... لە روالەتیشدا کانسی دەرچون لەم تەنگەژەیەدا بەسەقامگیر بونو دابینکردنی ئاسایش ومانەوەلە چوار چێوەی عێراقدا بە فرە حزبی ویەکگرتویی مسۆگەر نیە ، بەبێ هیچ دەسکاری ورتوشێک راستیەکان لەسەر خاکی عێراق دەتوانین بەم چەند خالانەی خوارەوە کورتیان کەینەوە :

1– ئاشت بونەوەی سیاسی: تائێستاش سەرکردە عێراقیەکان هەولی یەکپارچەیی وپێشکەشکردنی چارەسەری مامناوەندی دەدەن بەلام کردار لەدوای قسەکانیانەوە نایەت .

پیلانەکەی سەرۆک وەزیران نوری المالکی هیچ ئەنجامێکی نەبو . حوکمەتە نوێکەش پێناچێ کەتوانای جێبەجێکردنی بەرنامەی ئاش بونەوەو هێنانەوەی تەواوی عەرەبە سوننەکان بۆ ناو پرۆسەی سیاسای هەبێ .

2– فەرمان رەوایەتی : حوکمەتی عێراق توانای خەرج کوردنی میزانیەکەی خۆی نیە، وە زیرەکان کارانین بەتوانانین تا ئێستا لەسەر زۆر لەناوچەکان دەسەلاتیان نیە، حوکمرانی لەو شوێنانە یا بۆ دەسەلاتی خۆجێی ماوەتەوە یا بۆ کەرتەکان(میلیشیاکان).

3– سیستەمی یاسا و دەسەلاتی یاسا : لەسەر ناسنامەی سیستەمی ئەویاسایەی کە پیادەی دەکەن کۆک و یەک نین . زۆرشوێن تا ئێستا دادگای نیە یا ئەوەتا ئەگەر هەشیبێ گەندەلە و نا کارا یە ،بۆیە دەسەلاتی یاسا بۆ دەستە خۆجێی یەکان جێ ماوە .

4- سیاسەت: هەلبژاردنەکانی 2005 لە عێراق گەلی عێراقی لەسەر بنەمای تایفەگەرێتی ونەژادگەرێتی دا دابەشکرد،ڕێژەیەکی کەم نەبێت دەنا کەس دەنگی بۆ پارتە نیشتمانیە راستەقینەکان نەدا . وە هیچ پارتێکی نیشتمانی نوێ سەری هەلنەدا و دەرنەکەوت کە خاوەن بنەمایەک بێت .

هەرسێ حیزبە شیعیەکە لەنێوان خۆیاندا کە لەکەیان کرد ، کوردەکان یەکگرن کەچی بەدلەراوکێ ومەترسیەوەن سەبارەت بە سەربەخۆیی کاردستان وچۆنیەتی مامەلەکردنیان لەگەل پارتی کرێکارانی کوردستان ونائارامی نێوان یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستا ن دا دەژین لەگەل ئەمەشدا بۆ کوردەکان سالەکە بە دۆزینەوەی ناسنامەیەکی سیاسی دەستی پێکرد و خاوەن دوپارتی سەرەکی وهاوبەشن .

***چۆنیەتی دورکەوتنەوە لە شەری ناوەخۆ***

کوردزمان درێژە بە توێژینەوەکەی دەدا ورونی دەکاتەوە دەلێ ئەگەر ویسترامەترسیی شەری ناوەخۆ وروخانی حکومەت و دابەشبونی عێراق دوربخرێتەوە ئەوا کەمتر لەیەک سال یا چەند مانگێک بەسە بۆ دورکەوتنەوە لەم مەترسیە. بۆ بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەی پێشەوەچون وئاشتەوایی ، مەزنترین پێشەوەچون بریتیە لە رێککەوتنێک لە نێوان عەرەبی شیعە وعەرەبی سوننە و کورد بۆ بە شداری کردن وپاراستنی مافی کەمە نەتەوایەتیەکان .

***چارەسەریی تەواو بۆ بژاردەکانی ئەمریکا***

دراسەتەکە ئاماژە بەوەدەکات کە زۆر لە هەولەکانی گۆرینی پیلانی ئەمریکی بۆ کێشەکان تێک هەلچونەکان ئالۆزتر دەکەن. بیری رادیکالی و زیرەکانە دانانیان ئاسانە بەلام بیری بەکەلک ئاسان نین .

لەراستیشدا هەلبژاردەیەکی پلانی ئەمریکی یان تێکەلاولە چەند پلانێک ناتوانێ عێراق لە ناوچەیەکی خەتەرناکەوە بگۆرێ بەلام ئەمریکا پلان وسیناریۆی تری لایە کە رێژەی سەرنەکەوتنی کەم بێت .

ئەمەو ئەو بیرۆکەیەی کە دەلێ دەکرێ عێراق ببێتە نمونەیەکی دیموکراسی لە ناوچەکەدا بیرۆکەیەکی ئەفسوناویە ، خەیالە ، هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی هەلەیە.

دەبێ عێراقیەکان بریار لەسەر بەرایی یەکانی خۆیان بدەن کەئاشبونەوەی سیاسی ودابین کردنی ئارامی و ئاسایشیانە دەنا ئەمریکا بەسەریاندا دەسەپێنێ.

**پیلان وهەلبژاردەکانی ئەمریکی لە یەک سەرەوە بریتین لە :**

1- زیاد کردنی هێزەکانی ئەمریکی : ئەمریکاوەکو ئەفغانستان هێزێکی ئەوەندەی نیە بەشی ئەوە بکات باری ئاسایشی ناوچەکە بپارێزێ وئەرکی راهێنانیش ئەنجام بدات . تەنانەت کاتێک هێزەکانی ئەمریکا لە 140 هەزارەوە بۆ 147هەزار زیاد کران ئەوکاتیش بەشی ئەم دو ئەرکە نەدەکران کە هەمو شارەکانی عێراق بپارێزن. گرفتەکە لەوەدایە کە ئەمریکا هێزیکی تری وای نیە کە شارەزایی لە عێراق دا هەبێت ، ناشتوانێ بەبەردەوامی هێز بۆ مەیدانی شەر بەرێ بەبێ پالپشتو ئاسانکاری ، ئەمەو ئەو هێزەی ئەمریکا بەبەردەوامی پێویستی بە ئالوگۆر هەیە کە بۆ پشو وەرگرتن یەکەیەک شوێن ئەوەی تریان بگرێتەو .

2- هاوکاریی سڤیلیی زیاتر: تێچونی خەرجیی هێزەکانی ئەمریکی مانگانە 10 ملیار دۆلارە ئەگەر هاوکاریە سڤیلیەکان لە 10 بۆ 20 ملیار زیاد کرا کەم کردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا خیرا تر دەبێت . بەم شێوەیەش هێزەکانی فرە رەگەز پان و بەرینتر دەبن دورنیە هێزەکانی عەرەبی وئیسلامیش بێنەناو ئەم پرۆسەیە.

3- گۆرینی جۆری دەستە هاوکاری یەکانی سوپاو پۆلیسی عێراقی: یارمەتیەکانی ئەمریکا بۆ سوپاو پۆلیسی عێراقی بەرەو روخان ونەمان دەچن ئاستی چەکەکان نزم و بێ توانان ناتوانن بەم هاوکاریانە بەرەنگاری نەیاران ویاخیبوان ببنەوە ، ئەی چۆن دەتوانن لەداهاتودا بەرگری لە عێراق بکەن ؟

4- کاتێکی دیارو مەرج وئامانجێک بۆ جولە کردنی عێراق وکشانەوەی ئەمریکا: ناکرێ تاسەر ئەمریکا پابەندی یەک شێوازی کارکردن بێت . ئەمە بارێکی خەراپە چونکە ئەمریکیەکان تا سەر بەم شێوازە رازی نابن .

5- پابەندی یەکی سەرۆکایەتیی رون وئاشکرای بنکەکانی ئەمریکا کە بونی هێزەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی عێراق بەندبکا بە داخوازی وداواکاریی حکومەتی عێراقە وە، بەلێن بدات کە هەرکاتێک داوای لێکرا بکشێتەوە. دەبێ ئەوکاتیش عێراقیەکان دلنیا بکاتەوە کە چاوی لە مانەوەی سەربازی لە عێراقدا نیە وە چاوی لە نەوتی عێراقیش نیە .

6- پشتگیری فیدرالیەتی کارا یا دابەش بونی عێراق بکات : لەکۆتاییدا دەبێ ئەمریکا پشتگیری فیدرالیەتی عێراق ودابەشبونی عێراق بکات، لەروی ئابوری وئاسایشەوە بێ ئەوەی دژایەتی هیچ لایەنێک بکات وە ئامادەشبێت بۆ پاککردنەوەی توند وتیژیەکان و دەرکردنی هەر گروپێکی نەیارلە ناوچەکانیان ، ئەم پرسیارانە تا کەی دەتوانرێت دوابخرێن بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی دەنگی بۆ فیدرالیەت دا ماوەی 3 مانگی دیارکرد بۆ جێبەجێ کردن لە مانگی ئەیلولەوە ، ئەمە هەر وەکو لە لوبنان و سۆمال رویداوە .

دروستکەری ئاشتی لەناو هەژاراندا دەبیتە دوژمنیان ، هەرگروپە و لەلای خۆیەوە ئەم دروستکەرە ی ئاشتی تاوانبار دەکات بەوەی پشتگیری لایەنی تر دەکات.

سەپاندنی پیلانو بەرنامە ش بەبێ لایەنی گەلێک زەحمەتە.

7- هاندانی دروستبونی حکومەتێکی یەکگرتو هەلنەبژێردراوی بەتواناو لە شوێن حکومەتە هەلبژێردراوەکە : دەشێ دەستور هۆکاری دابەشبون بێ بۆیە دەکرێ دەستور لەلایەک دابنێین ، کەسیش ناتوانێ بزانێ کە ئایا حکومەتە نوێیەکە لە ویتریان باشترە یا خەراپتر ، بەلام ئەمە باشترین هەلبژاردەی خراپە.

8- هاندانی سەرهەلدانی سەرکردەیەکی بەهێزی کودەتای سەربازی: ئەمریکا لەدۆزینەوەی کەسێکی بەهێزی خاوەن تواناو بریار بۆ بەرێوەبردنی عێراق سەرکەوتو نەبو ، کەسێکی خاوەن هێزو توند وخۆراگری پشت ئەستور بە پشتیوانیی هێزی گەل نەدۆزیەوە، ئەمەش دیسان باشترین هەلبژاردەی خەراپە .

/هۆلەندا....23-11-06

www.serben.com